پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم

# پە یرە و و پرۆگرامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران



# سەرەتا

الف ـ دوای شه ڕی چالّدران له نێوان عوسمانیه کان و شاسمایلی سه فه وی که له ٢٣ی ئووتی ١٥١٤دا رووی دا، زۆرینه ی کورده سوننیه کان پشتیوانیان له ده وڵه تی عوسمانی کرد و له شکری شا سمایل شکستی هێنا، به لام دوای شکستی هێزی شاسمایل دژمنایه تی ئه و دوو ده وڵه ته درێژه ی کیشا، تا له ساڵی ١٦٣٩ ز، په یمانی (زه هاو) دابه شکردنی کوردستان له نێوان ئه و دوو بێگانه دا مۆر کرا. به شی زۆری کوردستان که وته به ر ده سه لاتی عوسمانی و به شی که متری که کوردستانی ئێستای ئێرانه ، که وته ژێر ده سه لاتی سه فه وییه کان و کوردی یه ک زمان و یه ک ره گه ز و یه ک فه رهه نگ و یه ک له پوور، به بێ ئه وه ی خۆی رازی بێ، دابه ش کرا له نێوان دوو ئیمپراتوری جیاوازدا. له شه ڕی جیهانی یه که م دا، بۆ دووهه مجار ئه و به شه له خاکی کوردستان که به ئیمپراتوری عوسمانی بوو، به پێی په یمانی سایکس بیکۆ له ١٩١٦دا کرا به سێ به ش، به شێک به ر سوریه که وت، به شێک به ر تورکیه و به شێکیش به عێراقه وه لکێندرا.

له دابه ش کرانی یه که مه وه کورد به ته واوی هه ستی به بێ به شی کرد، هه ستی ئازادیخوازیی رۆژ له دوای رۆژ زیاتر ده بوو به تایبه ت که له لایه ن هه ر دوو داگیرکه ره وه به بێ ره حمانه ده چه وساوه و سه رکوت ده کرا. ئه و ده وڵه تانه ده ستیان دایه راگواستنی به شێک له هۆزه کورده کان به ره و ناوچه دووره کان، عوسمانیه کان به ره و ئه رزه رۆم و ئه ناتۆڵی و سه فه وییه کان به ره و خوراسان که زۆربه یان دوای چه ند سه ده ، زمان و فه رهه نگ و ره گه زی خۆیان لێ وون نه بووه و هه ر نه فرین ده نێرن بۆ ئه وانه ی رایان گواست.

گه لی کوردستان له دوای دابه شکرانی به سه ر چه ند وه لاتدا، وه ک غه واره و گه لی بێ به ش و جێی گومان چاویان لێکراو ئه و روانینه ناحه زو ناپه سه نده ی داگیرکه ران، له ماوه ی سه د ساڵی رابردوو، وای کرد که کورد ده ست بداته خه بات، له به رانبه ر سته مـ داگیرکاریدا، به تایبه ت ئه و خه بات و فیداکارییه له ماوه ی١٠٠ ساڵی رابردوودا، ده یان هه زار قوربانیی لێکوتۆته وه و ده ربه ده ری و ماڵ وێرانی و بێ سه ر و شوێن بوونی کوردی به دواوه بووه . سته م ودرِنده یی ده سه لاتداره خۆبه زل زان و ملهوڕه کان له دژی کورد و تێکڕای دانیشتوانی ئه و وه لاتانه ی کوردیان به سه ردا دابه ش کراوه ، به ڕاده یێکه که دڵی هه ر مرۆڤێکی خاوه ن هه ست ده ته زێنێ. وه ک سه رکوتی شۆرشه کانی شێخ سه عیدی پیران و شێخ ره زای ده رسیم و به نه د و ته بعید کرانی شێخ عه بدولا نه هری و راگواستن و کوژرانی هه زاران که س له نه ته وه ی کورد له تورکیه .

هه روه ها وێرانکردنی ٤٠٠٠ دێی کوردستانی عێراق و کاره ساتی دڵته زێنی ئه نفال که له لایه ن رژیمی عێراق به ڕێوه چوو، و تیایدا نزیکه ی ١٨٢ هه زار کورد بێ سه ر و شوێن کرا و شاری هه ڵه بجه و چه ند گوند له لایه ن رژیمی پێشووی عێراقه وه کیمیاباران کرا و پێنج هه زار که س تیایدا له ناو چوون. له ئێرانیشدا وێران کردن و کاولکردنی شارو دێ کان و قه تل و عامی هاونیشتمانانی کورد له نه غه ده و قارنه و قه لاتان و سۆفیان و ووسوکه ند و ساروقامیش و ئیعدامی به کۆمه ڵ و بێ به زه یيانه ی پیرو لاوی کورد به فه رمانی جیهادی خومه ینی و قازیه به ناو شه رعیه کانی و ئیعدامی سه دان مرۆڤی شۆڕشگێری کورد له ماوه ی نزیک به مانگێک له ساڵی ١٣٦٧ی کۆچی خۆری، ته نیا به تاوانی بوونی پێوه ندی به هێزه شۆڕشگێڕه کان، داواکردنی مافه نه ته وه ییه کان، هه روه ها ترۆری ده یان تێکۆشه ری سیاسی و فه رهه نگی و نووسه ر و رووناکبیر، له ناوخۆ و ده ره وه . له وه لاتی سوریه رێژیمه یه ک له دوای یه که کان، نه ته وه ی کوردیان به خراپترین شێوه سه رکوت کردوه و حاشا له بوونی کراوه به تایبه ت له دوای هاتنه سه رکاری حافیز ئه سه د هیچ جۆره مافێک به کورد به ره وا نه بیندراوه و تا ئێستاش به شێکی زۆری ئه و نه ته وه یه له مافی ناسنامه بێ به شه و به شێکی به رچاو له نیشتمانه که ی وه ک عه فرین و کوبانی و زه هریه و ئه حمه دیه له لایه ن داگیرکه رانه وه راگواستنی زۆره ملی کوردیات تێدا کراوه . ئه وانه و ده یان نموونه و به ڵگه ی حاشاهه ڵنه گری دیکه له سه ر سته مگه ری و ملهوڕیی داگیرکه ران و ده سه لاته نامه شروعه کان هه ن که ئه و سته مگه رییانه به ڵگه ن بۆ سه لماندنی ئه و راستیه ی که خه باتی جه ماوه ری کورد بۆ وه ده ست هێنانی مافه بنچینه ییه کانی، خه باتێکی ره واو مه شروعه . به پێی ده ستووری ئیسلامی پیرۆز و باقی ئایینه ئاسمانیه کان و سه رجه م یاسا مرۆییه کان، راوه ستان له به رانبه ر زالم و ته عه داکار ئه رکێکی پێویسته و نه ته وه و مرۆڤه کان هاندراون بۆ رزگار بوونیان له ده ست سته م، خه بات بکه ن و

ڕێگه نه ده ن زوڵمیان لێ بکرێ .

ب ـ گه لی کورد که گه لێکی خاوه ن مێژووی چه ند هه زار ساڵه یه و له نیشتمانی خۆیدا ژیاوه ، مافی ره وای خۆیه تی بۆ ده سته به ر کرانی ماف و ئازادیه کانی تێبکۆشێ و له و پێناوه شدا هه موو تواناو ڕێگه درووست و ره واکان بۆ خه بات کردن تا هاتنه دیی ئامانجه کانی، به کار بێنێ. گه لی کورد ده بێ به هه وڵی سیاسی و بلاوکردنه وه ی زانیاری و ته بلیغات، سه رنجی رای گشتیی جیهانی و ده وڵه ت و ده سه ڵاته خاوه ن هێزه کان و ناوه نده کانی پارێزه ری مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کان راکێشێ بۆ پشتیوانی له خه باتی ره وای خۆی .

ج ـ گه لی کورد حه قی خۆیه تی وه ک نه ته وه یێکی مێژوویی و خاوه ن توانا، ده وری له به ڕێوه بردن و ئیداره کردنی له ئێراندا هه بێ و ده سه ڵاتی به سه ر نیشتمانی خۆیدا به خۆی بێ و ده بێ ده سه ڵاتداری ناوه ندی ، له جیات سه رکوتی کورد و داگیرکردنی کوردستان و مۆڵدانی هێزی سه ربازی، هاوکاریی کورد بکا بۆ ئه وه ی نیشتمانیان گه شه پێ بده ن له هه موو باریکه وه .

د ـ گه لی کورد له کوردستانی ئێران، له دوای ئه وه ی هه ستی به ژێرده ستی کرد، خه بات و تێکۆشانی بێ ووچانی به رامبه ر به داگیرکه ران درێژه پێ داوه . له شۆڕشی گه لانی ئێران دژبه رژیمی پاشایه تی له ساڵی ١٣٥٧ی کۆچی خۆریدا، تێکڕای خاوه ن باوه ڕان به ئازادی له و شۆڕشه دا به شدار بوون و گه لی کوردیش ده وری کاریگه ر و سه ره کیی هه بوو له سه رکه وتنی ئه و شۆڕشه دا و له راماڵینی پێگه ی ده سه ڵاتی په هله وی له کوردستاندا. ئه و خه بات و راپه ڕینه یه کگرتووه ی خه ڵکی ئێران به کورد و فارس و تورک و عه ره ب و بلوچ و باقی قه وم و دین و مه زهه ب و بیروبۆچوونه کان به و ئامانجه بوو که ئیتر به یه کجاری کۆتایی به سته م و بێ عه داڵه تی دێ و هه موو نه ته وه کان له ئێراندا به مافه ره واکانیان ده گه ن .

ه ـ به رهه می راپه ڕینی ١٣٥٧ی گه لانی ئێران له لایه ن خومه ینی و په یره وانیه وه و به هێنانه مه یدانی ده سه ڵاتێکی تاکڕه وانه و غه یره دیموکراتیک و ناره وا، له ژێرناوی پیرۆزی ئیسلامدا به فیرۆ درا، خه ڵکی ئێران به تێکڕا و خه ڵکی کوردستان به تایبه ت بۆئه وه ی به ری ره نج و خوێنی شه هیدان له فه وتان و له ناوچوون رزگار بکه ن که وتنه خۆ، هه ر به و مه به سته ش له سه رانسه ری ئێران و کوردستان له ساڵی ١٣٥٨ی کۆچی خۆری به دواوه ، جه ماوه ر به ڕێپێوان و ناڕه زایه تی، بێزارییان له ده سه ڵاتی نوێ ئاشکرا کرد. به ڵام به داخه وه ده سه ڵاتدارانی نوێ، له جیات وه ڵامی به ڵێ بۆ داوای جه ماوه ری راپه ڕیو و بێزار له سته م، به به کارهێنانی هێزی سه رکوت، بێ به زه ییانه که وتنه گیان خه ڵک و میتینگ و ناڕه زایه تی و کۆبوونه وه ی جه ماوه رییان دایه به ر په لامار و هه زاران که سیان راپێچی زیندان و چاڵه ڕه شه کان کرد و ده یان رۆڵه ی تێکۆشه ریان له ژێر شکه نجه دا شه هید کرد و سه رله نوێ زیندانه چۆڵ کراوه کانیان به رۆڵه تێکۆشه ر و ئازادیخوازه کان، ئاوه دان کرده وه . گه لی جه وساوه ی کورد له کوردستانی ئێران ئومێدواربوو به رووخانی رژیمی په هله وی، کۆتایی به ره نج و مه ینه تی ده یان ساڵه ی بێ، به ڵام زۆری پێ نه چوو، رووبه ڕووی سته مێکی تاقه ت پڕوکێنتر و دڕندانه تر بوه وه . سه ره ڕای سته مه بێ به زه یيانه کان، گه لی کورد به رده وام داوای ئاشتی و لێک تێگه یشتنی کردوه . هه ر به و مه به سته ش چه ندین ده سته ی نوێنه رایه تی بۆ ووت وویژ له گه ڵ ده سه ڵاتدارانی رژیم دیاری کرد. هه یئه ته کانی نوێنه رایه تی کورد زۆربه جیددی هه وڵیان دا که ده سه ڵاتدارانی ئێران رازی بکه ن مافه ره واکانی کورد بسه لمێنن. به ڵام ئاخونده کان له وه ڵامی داوا ره واکانی خه ڵکی کوردستان دا ده ستیان دایه هه ڕه شه و چاو سوور کردنه وه و هه ڵوێستی غه یره دیموکراتی و هێرشی نیزامی بوونه هۆی سه رهه ڵدانی جه نگێکی خوێناوی و ناچار کردنی گه لی کوردستان به دیفاع له خۆی و نیشتمانی. به فه رمانی جیهاد جه نگی ناڕه وای خومه ینی له دژی خه ڵکی کورد ده ستی پێ کرد و پاسدار و باقی هێزه سه رکوتگه ره کان و خه ڵخاڵی ی جه للاد و به ناو قازی شه رع ره وانه ی کوردستان کرا، که چۆنی پێی خۆش بێ و چه نده حه زی لێ بێ دڕندانه لاو و پیری کوردستان بنێرێته مه یدانه کانی گولله باران و مه رگ. خه ڵخاڵی له ماوی چه ند رۆژدا، ده یان لاو و پیری کوردی شه هید و به و جینایه ته ی لاپه ڕه یێکی ره ش و قێزه ونی بۆ ده سه ڵاتداریی ئاخونده کان تۆمار کرد، که تا ژیان ده مێنێ، له بیر کورد و ئازادیخوازان ناچێته

وه . هێرشی پاسداره به کرێگیراوه کان بۆ سه ر کوردستان و سوتاندن و وێران کردنی چه ندین شارو دێی کوردستان و هه‌رە شه و کوشتن و زیندانی کردنی لاوه کان و که سایه تیه ئازادیخوازه کان، جه ماوه ری کوردستانی ناچار کرد بۆ دیفاع له خۆیان و پارێزگاری له نیشتمانیان، ده ست بده نه خه بات و به ربه ره کانێ له به رانبه ر رژیمی ده سه لاتداری دژ به ماف و ئازادی و دواکه وتووی ویلایه تی فه قیه . دیفاع کردنی جه ماوه ری کوردستان و هێزه تێکۆشه ر و ئازادیخوازه کان درێژه ی هه یه و خه باتی جه ماوه ری کوردستان له م سالانه ی دواییدا گه لێک به رچاوتر و په ره گرتووتر بووه له سالانی رابردوو .

و ـ له دوای هێرشی پاسدار و ئه رته شی به کرێگیراو بۆسه ر کوردستان و کوشت و برِی خه لکی کورد به تاوانی دژی ئینقلاب و دژی ئیسلام، به برِیاری جه ماوه ری کوردستان بۆ دیفاع له نیشتمان و تێکۆشان بۆ هاتنه دیی ئامانجه ره واکان و ئازادی، ژماره یێک له مامۆستایانی ئایینی و که سایه تیه تێکۆشه ره کانی کوردستان به رێبه رایه تی مامۆستا سه یید جه لال الدین حوسێنی، که پێشتر له ژێر ناوی ده فته ری مامۆستا شێخ عزالدین دا چالاکیی سیاسی نیزامیان ئه نجام ئه دا، بیریان له پێک هێنانی سازمانێکی

سیاسیی نه ته وه یی و ئیسلامی کرده وه که به بۆچوونێکی جیاواز له رێبازی هێزو لایه نه کانی دیکه ی گۆرِه پانی خه بات بێته مه یدان و په رچه مدار و پێشرِه وی ئه و جه ماوه ره بێ که خاوه نی بیرێکی نه ته وه یی و ئیسلامین، هه ربۆیه له ۵ی خه رمانانی سالی ۱۳۵۹ی کۆچی خۆری به رانبه ر به ۲۷ ئه گۆستی ۱۹۸۰ی زایینی، پێکهاتنی سازمانی خه باتی نه ته وایه تی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران (خه بات)یان راگه یاند .

ز ـ به راگه یاندنی سازمانی خه بات، خاوه ن بیرانی ئه و رێبازه و به شێکی به رچاو له جه ماوه ری کوردستان دلخۆش و هیوادار‌بوون. خه لک به زوویی پێشوازی گه رمی له سازمانی خه بات کرد، له چه ندین شار و ناوچه له باکوور تا باشووری کوردستانی ئێران بنکه و رێکخراوه کانی سازمان داندران و کادر و پێشمه رگه کانی سه ره رای که ند و کۆسپی زۆر هه لسوورِانی سیاسی نیزامیان له به رانبه ر هێزه به کرێگیراوه کانی رژیمی ئاخوندیدا ده ست پێ کرد. به لام به داخه وه به هۆی کۆسپ و ته گه ره ی جیاجیا که له لایه ن هێزو لایه نه کانی دیکه ، خرانه سه ر رێگه ی کار و چالاکی کادر و پێشمه رگه کان، سازمانی خه بات نه یتوانی وه ک پێویست ئه رک و کاره ته بلیغی و ته شکیلاتیه کانی ئه نجام بدا. هه ر بۆیه ناچار بوو بۆ په ره پێ دانی سیاسه ت و هه لوێستی سه ربه خۆ و بێ لایه نانه ی خۆی له هێندێک ناوچه ی کوردستان به نهێنی هه لسوورِێ .

ح ـ سه ره رای بوونی ئه و گشته کۆسپ و ته گه رانه به خۆشیه وه سازمانی خه بات توانی به ره و پێش بچێ و سه ربه خۆیی سیاسی و ته شکیلاتیی خۆی بپارێزێ و له ماوه ی زیاتر له ۳۳ سال مه وجوودیه تی له مه یدانی خه باتدا، ئه رکه نیشتمانی و نه

ته وه ییه کانی به راستی و پاکی به جێ بێنێ. سازمانی خه بات واقعییه ت و ماهییه تی رژیمی ناسیوه و هه ربۆیه درووشمی رووخانی رژیم یه کێک له درووشمه سه ره کی و نه گۆرِه کانیه تی .

ی ـ سازمانی خه باتی کوردستانی ئێران له ره وتی به ره وپێش چوون و هه لدانی خوێیدا و له ئاکامیێ هه لسه نگاندن و وردبونه وه له هه ل و مه رجی سه رده م و په ره سه ندنی هه ستی نه ته وه یی و نیشتمانی له ناو جه ماوه ری کوردستان دا، هه ستی به پێویستی ئال و گۆرِێکی بنه رِه تی هه بوو له به رنامه ی کاری سیاسی و ستراتیژی خۆیدا.ئالوگۆرِێ بنه ره تی له هه لوێستی سیاسی بۆ زیاتر به ره و پێش بردنی ئامانجه نه ته وه یی و نیشتمانی کوردو گه شه ی زیاتر له ناوه وه و له ده ره وه ی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و کوردستاندا گۆرانێکی به که لکی له خۆیدا پێک هێناو له هه نگاوێکی گرینگدا و به به راوردو لێکدانه وه ی راستی رێبه ری سازمان و به راوێژکردن له گه ل دلسۆزانی سازمانی خه بات به وه ی که گۆرانێکی گرینگ و به که لک له ئامانج و خه تی سیاسی پێک بێنێ، وای کرد که له کۆنگره ی سێهه مدا، به برِیارێکی ژیرانه ، ستراتیژێکی نه ته وه یی په یرِه و بکات و بایه خ و پێویستی خه باتی نه ته وه یی و نیشتمانی بۆ رزگاری نه ته وه و نیشتمان، وه ک ئه رکێکی سه ره کی ده ست نیشان کرد و له کۆنگره ی چواره می دا له سه ر ئه م ستراتیژی و سیاسه ته پێداگری کرده وه و له کۆنگره ی پێنجه میش دا ئه و رێرِه وه وه ک خه تێکی گشتی و کاریگه ر و گرینگ ده ست نیشان کرایه وه .

گ ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران له م کۆنگره ی پێنجه مه دا، مه سه له چاره نووس سازه کان و هه ل و مه رجی خه

باتی ئازادیخوازی گه لی کورد و باقی گه لانی ئێران، به پێی وه زعی سیاسی ئێران و وه زعی سیاسی جیهان و بوونی وه ڵاتانی ڕۆژئاوا له نزیک سنووره کانی ئێران و گه ڵاڵه ئه تۆمیه مه ترسیداره کانی رژیمی ئاخوندی که له وانه یه ببێته هۆی گه مارۆی زیاتری ئابووری یان ڕوودانی جه نگێکی نوێ له دژی ئه و رژیمه ی هێناوه ته به رلێکۆڵینه وه . کۆنگره ی پێنجه می سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران، به هه ست کردن به ئاڵ و گۆڕه سیاسیه کان و لێکدانه وه ی دروست و به چاوخشاندن به کار و چالاکیه کانی سازمان له ساڵانی رابردوودا، بڕیاری به جێ و شیاو له سه ر ئاڵ و گۆڕی بنه ڕه تی له به رنامه و په یره وی ناوخۆیی سازمان په سه ند ده کا .

# ئامانجه گشتیەکان

الف ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران تێ ده کۆشێ بۆ دامه زراندنی حکوومه تێکی هه ڵبژێردراو و دیموکراتیک و پارلمانی له کوردستاندا، که مافی هه موو نه ته وه و ئایین و مه زهه ب و ره گه زه کان بپارێزێ .

ب ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران ده سته به رکرانی مافی دیاری کردنی چاره نووسی پێ په سه نده ، بۆ ئێستا ده سته به رکرانی خودموختاری له چوارچێوه ی ئێرانێکی دیموکراتیک و پارلمانی به ره وا ده زانێ و هه وڵی بۆ ده دا .

ج ـ سازمانی خه بات ی کوردستان، باوه ڕی وایه که دینی ئیسلام وه ک یه کێک له سه رچاوه کانی قانوون دانان که لکی لێ وه رگیرێ، و ده بێ مافی ئه دیان و بیروبۆچوونه کانی دیکه له کوردستان له به رچاو بگیرێ، به و شێوه یه ی پێچه وانه ی بنه ماکانی دیموکراسی نه بێ .

د ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران هاوکاری و ته بایی له نێوان هێزه کوردستانیه کان وه ک ئه رکێکی سه ره کیی خه بات کردن ده زانێ، هه روه ها ئاماده یه بۆ پێک هێنانی هه رشێوه به ره و هاوکاری و ته باییک که ده بێته هۆی ڕووخانی رژیمی ئاخوندی و ده سته به رکرانی مافی دانیشتوانی کوردستان .

ه ـ سازمانی خه باتی کوردستانی ئێران هاوکاری و نزیک بوونه وه له هێزه سه رانسه ریه شۆڕشگێڕه ئێرانیه کانی پێ کارێکی په سه ند و به که ڵکه ، بۆ ئه وه ی له دوای ڕووخانی رژیمی ده سه ڵاتداری ئاخوندی به هاوکاریی هه مه لایه نه له ئێرانێکی ئازاد، دامه زراویی و پێشکه وتن و زانست و سه نعه ت له ژێر ده سه ڵاتی حکوومه تێکی دیموکراتیکدا جێ گیربێ و ئه و نزیکی و ته باییه ش ببێته زامنێک بۆ کۆتایی هاتنی شه ڕ و نابه رانبه ری و بۆ دابین کردنی یه کسانی و گه یشتنی نه ته وه و ئایین و مه زهه ب و چینه کان به مافی ره وا شیاو .

و ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران پشتیوانی له هه وڵ و تێکۆشان و خه باتی ئازادیخوازانه ی گه لانی دیکه ی ئێران ده کا بۆ گه یشتن به مافه کانیان له چوارچێوه ی ئێرانێکی ئازاد و دیموکراتیک دا به بێ ده ستێوه ردانی ده ره کی .

ز ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران پشتیوانی جیهانی و ناوه نده کانی مافی مرۆڤ و رێکخراوه به شه ردۆسته کان له ماف و ئازادیه کان بۆ خه ڵکی کوردستان به کارێکی شیاو و پێویست ده زانێ و له و پێوه ندیه شدا ئاماده یه هاوکاری پێویست له گه ڵ تێکڕای رێکخراوو ناوه نده جیهانیه کان بکا .

ح ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران ره گه زپه رستی و جیاوازیی ره گه زایه تی و ئایینی و مه زهه بی، مه حکووم ده کا و به دوور له ده ستووراتی ئیسلام و قانوون و بیرورِا په سنده کانی جیهانی ده زانێ .

گ ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران پێی وایه منداڵان نه وه ی داهاتووی گه ل و ونیشتمانن، هه ر بۆیه بۆ پرشنگدار کردنی داهاتووی کۆمه ڵگا پێویسته گرینگی به منداڵ له باری په روه رده و بارهێنانه وه بدرێ و هه موو پێداویستیه کانی بۆ دابین بکرێ و نابێ رێگه بدرێ که منداڵ ببێته ئامرازێک بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان له خانه واده دا و ده بێ به دوور بگیردرێن له کارگه لێکی قورس، که له توانایدا نه بێ و رێگه نه درێ له ژێر هیچ ناوێکدا له گه ڵ منداڵ توندوتیژی به کار بهێندرێ .

ک ـ ئافره تان له جیهاندا به گشتی و له ئێران و کوردستان به تایبه ت به به رده وامی ده چه وسێنه وه . له ماوه ی ده سه لاتی ئاخونده کاندا ئافره ت وه ک کالایێک چاوی لێ ده کرێ و بێ ریزیان پێ ده کرێ. بۆیه سازمانی خه بات و حکومه تی کوردستان یه کێک له ئه رکه گرینگه کانیان، هاوکاری و پشتیوانیی ئافره تانه بۆ رزگاربوونیان له دست سته م و چه وسانه وه و ده بێ ئافره تان به گه رمی له هه وڵی گه یشتنیان به ئازادی و مافی به رانبه ر له گه ڵ پیاودابن و زانست و خوێندن بکه نه به ردی بناغه ی کار و ژیانیان .

ل ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران پێی وایه لاوان بزوێنه ری جوڵه و پێشکه وتنی کۆمه ڵگان، هه ر بۆیه ده بێ یه کێک له ئه رکه کانی سازمانی خه بات و حکومه تی کوردستان گرینگی دان به و توێژه بێت که له ریژیمه داگیرکه ره کانی کوردستاندا به رده وام مافیان پێشێل کراوه .

ک ـ سازمانی خه بات پاراستنی ژینگه به پێویست ده زانێ و له باوه ڕه دایه حکومه تی داهاتووی کوردستان په ره به پاراستنی ژینگه بدات. م ـ سازمانی خه بات باوه ڕی به ئازادی چاپه مه نی و ڕاگه یاندن و بلاو کردنه وه هه یه و پشتیوانی سه ندیکا و دامه زراوه مه ده نیه کان ده کا له چوارچێوه ی قانوونه کانی ئازادی و چاپه مه نی و راده ر برین و پێی وایه نابێ هیچ که س له سه ر ره خنه و گازه نده لێکۆڵینه وه ی له گه ڵ بکرێ، مه گه ر حورمه تی که سه کان بشکێنێ .

ن ـ گه لی کورد گه لێکی ئاشتیخوازه و سازمانی خه بات باوه ڕی وایه ئازادی و مافه نه ته وه ییه کانی کورد به بێ هه ر نه وعه توندوتیژییێک و له ڕێگه ی وتوویژو دانیشتنه وه چاره سه ر بکرێ، به لام رژیمی ویلایه تی فه قیه له به رانبه ر داوا ره واکانی گه لی کورددا، ڕێگه ی شه ڕ و سه رکوتی گرته به ر و گه لی کوردی ناچار کردووه بۆ دیفاع له خۆی ده ست بداته خه بات و به ربه ره کانێ، هه ربۆیه سازمانی خه بات باوه ڕی وایه ده سه ڵاتی ویلایه تی فه قیه ، ده سه ڵاتێکی نامه شروعه و سه رکوت و چه وساندنه وه ی کردۆته به ردی بناغه ی کاره کانی وه پێی وایه وتوویژ له گه ڵ ده سه ڵاتی ئاخوندی جگه له زیان بۆ جووڵانه وه ی ئازادیخوازیی گه لی کورد که ڵکی نیه و وتوویژ له گه ڵ ئه و رژیمه ڕه د ده کاته وه . هه روه ها له گه ڵ خه باتی سیاسی، مه ده نی و ته شکیلاتی، خه باتی چه کداری به پاڵپشتی جولانه وه ی گه له که مان ده زانێ .

س ـ سنوورو ناوچه کانی کوردستان به پێی به ڵگه مێژووییه کان ده بێ دیاری بکرێ و هه ر شار و ناوچه یێک پرس و کێشه ی خاوه نداری له سه ره ، ده بێ به ڕاپرسی گشتی له جه ماوه ری ئه و شار و ناوچه یه چاره نووسی دیاری بکرێ که سه ر به کوردستانه یان نا .

# بەڕێوه بردن و شێوەی کاروباری دەوڵەت

الف ـ کاروباری پێوه ند به سیاسه تی ده ره وه و ئه رته ش و هێزی پارێزگاری له سنووره کان و سیستمی پووڵی و دامه زراندنی گه لاڵه و پرۆژه ی درێژماوه به ده ست ده سه ڵاتی ناوه ندیه . له هه رکام له و گه لاڵه و پرۆژانه دا که راسته وخۆ پێوه ندیی به گه لی کورده وه بێ، ده بێ رازی بوونی پارله مانی کوردستان وه رگیرێ، یان له راپرسیی گشتیدا جه ماوه ر ده نگ به بوون یان نه بوونی بدا .

ب ـ کاروباری به ڕێوه بردنی کوردستان، وه ک قانوون دانان و دادوه ری و شێوه ی خوێندن و بارهێنان و کاروباری فه رهه نگی و پاراستنی شوێنه واره مێژووییه کان له ئه ستۆی حکوومه تی کوردستانه . ج ـ ئه منیه ت و ئاسایشی کوردستان له ئه ستۆی پۆلیس و پێشمه رگه ی کوردستانه و پاراستنی سنووره گشتیه کان به هێزی سه ربازیه و له ژێر ده ستی ده سه ڵاتی ناوه نددا ده بێ .

د ـ هاتن و راگواستنی هێزه سه ربازیه کانی حکوومه تی ناوه ندی (مه رکه زی) له کوردستاندا، ده بێ به ئاگاداری و له ژێر چاودێریی حکومه تی کوردستان و به ره زامه ندیی پارله مانی کوردستان بێ .

ه ـ پارله مانی کوردستان که له لایه ن خه ڵکه وه هه ڵده بژێردرێ و نوێنه ری هه موو چین و باوه ڕه کانی تێدایه و به رزترین ئۆرگانی قانوون دانانی کوردستانه و به رپرسه له دیاری کردنی حکومه ت و چاوه دێری و لبێپرسینه وه ی. ده وڵه تی ناوه ندیی بۆی نیه ده ست له کاروباری ناوخۆی کوردستان وه ربدا، چ له دیاریکردنی به رپرس و به ڕێوه به ردا و چ له پێوه ند به ئیداره کردندا، ده بێ حکوومه تی ناوه ندیی رێز بۆ بڕیاری جه ماوه ر و پارلمانی کوردستان دابنێ .

و ـ ئه وانه ی ته مه نیان گه یشتۆته ١٨ساڵ مافی ده نگدانیان هه یه و له ٢٥ساڵیه وه مافی خۆپاڵاوتنیان بۆ وه رگرتنی به رپرسایه تی و چوون بۆ پارله مان هه یه و ده بێ که سانی پاڵێوراو شاره زا، خوێنده وار، درووستکار و خزمه تکاری گه ل بن .

ز ـ که مایه سیه نه ته وه ییه کان له چوارچێوه ی کوردستاندا مافی به شدارییان له به ڕێوه بردنی وه ڵات و بوونی ئه ندام له پارلمانی کوردستاندا هه یه و ده بێ حکوومه تی کوردستان به چاوی رێز له که مایه سیه نه ته وه یی و مه زهه بیه کان بڕوانێ و مافه کانیان به ره سمی بناسێ .

ح ـ ژن و پیاو له یاسای هه ڵبژاردن و خۆپاڵاوتن بۆ پارله مان و به ڕێوه به ری حکومه ت یه کسانن و جیاوازییان نیه . گ ـ زمانی ره سمیی حکوومه تی کوردستان له هه موو ئیداره و ئۆرگانه کانی ده وڵه تیدا، کوردییه . زمانی فارسی، عه ره بی و ئینگلیزی له مه دره سه و ناوه نده کانی خوێندندا بخوێندرێ و گرینگی به زمانی که مه نه ته وه کان بدرێ .

ی ـ دانیشتوانی کوردستان له دیاریکردنی شوێنی ژیان سه ربه ستن و له هه ڵبژاردنی کار و ئه رکی رۆژانه یان ئازادن به مه رجێک زیان به مه سڵه حه ت و قازانجه نه ته وه ییه کان نه گه یێنێ .

# ئامانجه ئابووریه‌کان

الف ـ ئێران له باری ئابووریه وه ، دووره له و به رنامه ئابووریه ی که له وه ڵاتانی گه شه سه ندووی جیهاندا هه یه وپه یره و ده کرێ. وه ڵاتی ئێران له پێوه ند به سامانه سرووشتیه کانی وه ک نه وت و گاز و ئاو، ده وڵه مه نده به ڵام ئه و سامانانه وه ک پێویست و به شێوه ی زانستی که ڵکیان لێ وه رنه گیراوه و ئه وه نده ی که ڵکیان لێ وه رده گیرێ، له دزی و کڕینی چه ک و ته قه مه نی و به رهه م هێنانی بۆمبی ئه تۆمی و قه ده غه کراو پشتیوانی ترۆریزم و ئاژاوه گێڕی له وه ڵاتانی دیکه ، به فیڕۆ ده چێ. ده وڵه تی هه ڵبژێردراو له ئێران ده بێ داهاتی نه وت و گازو باقی سه رچاوه سرووشتیه کان بۆ خزمه تی جه ماوه ر به کار بێنێ و دامه زراوه و کارخانه ی جۆراوجۆری پیشه سازی له سه رانسه ری ئێراندا و به بێ جیاوازی دامه زرێنێ .

ب ـ زه وی و پانتاییه کان به جووتیاران ده درێ و ده وڵه ت له سه ریه تی یارمه تی و هاوکاریی جووتیاران بکا، بۆ ئه وه ی جوتیاران به شێوه ی زانستیانه به روبوومه کانیان به رهه م بێنن. سه رچاوه سرووشتیه کانی وه ک: ئاو، له وه ڕگه ، لێره وار، هه وارگه کان، سامانی گشتین و ده بێ سوودیان بۆ تێکڕای جه ماوه ر بێ و هیچ ده سته و لایه نێک مافی نیه به بیانووی خاوه ندارێتی ده ستیان به سه ردا بگرێ .

ج ـ زۆربه ی جه ماوه ری کوردستان له هه ژاریدا ده ژین، ئه رکی حکوومه تی کوردستانه که هه وڵ بۆ باش کردنی ژیانی جه ماوه ری کوردستان بدات، ده بێ حکوومه تی ناوه ندیش له و پێوه ندیه دا بودجه و پوولی پێویست بۆ قه ره بوو کردنه وه ی زه ره ر و زیانه کان و لاچوونی هه ژاری و برسیه تی له کوردستان ته رخان بکا. هه روه ها حکوومه تی کوردستان ده بێ هاوکاریی سه رمایه داران بکات تا بتوانن به ئاسانی دامه زراوه ی ئابووری و پیشه سازی له کوردستان دامه زرێنن و رێگه خۆش بکات بۆ هاتنی سه رمایه دارانی خارجی، بۆ ئه وه ی ئابووریی کوردستان گه شه بکا .

د ـ حکوومه تی کوردستان بۆ گه شه پێدانی کشت و کاڵ پێویسته به هه موو شێوه یێک یارمه تیی جووتیاران بدا و قه رزیان بداتێ تا ئامێری کشت وکاڵی پێ دابین بکه ن. هه روه ها حکوومه ت ده بێ به رهه مه کانی جووتیاران به نرخی باش بکڕێته وه و ئه ندازیار و شاره زا و پسپۆڕی که شاوه رزی و ئاژه ڵداری به خۆڕایی بۆ چاوه دێری کشت و کاڵ و باغه کان و ئاژه ڵه کان

راسپێرێ و دە بێ کە شاوە رزان و باغداران و ئاژە ڵداران باربێنێ بۆ ئە وە ی بە شێوە زانستیە کان کاری کشت وکاڵ و باغە وانی و ئاژە ڵداری بکە ن. دە رمان رشتن و کوتان و چارە سە ر کردنی نە خۆشیە کانیش لە ئە ستۆی حکوومە تی کوردستانە و هە روە ها لە ووشکە ساڵیدا هاوکاریی ئاژە ڵداران بکرێ و لە وە ڕ بۆ ئاژە ڵە کان بە نرخی کە م لە لایە ن وە زارە تی کشت و کاڵە وە دابین بکرێ.

# ئامانجە فەرهەنگیەکان

الف ـ پێویستە حکوومە تی کوردستان بۆ زیندوو راگرتن و نۆژە نکردنە وە ی شوێنە وارە مێژوویی و فە رهە نگیە کان و بە رزکردنە وە ی هوشیاری و زانیاری لە کوردستان، هە نگاوی کاریگە ر هە ڵگرێ و هاوکاری و یارمە تیی پێویست بۆ نووسە ران و هونە رمە ندان تە رخان بکرێ و ناوە ندی جیاجیایان بۆ دامە زرێندرێ و گرینگی بدات بە کتێب و نووسراوە کان و رۆژنامە نووسان و بە رهە مە کانیان. دابین کردنی ئازادیی راگە یاندن و رۆژنامە وانی ئە رکێکی گرینگی سە رشانی حکوومە تی هە رێمی کوردستانە و دە بێ بە رهە می هونە رمە ندان بە هێند بگرێ و هە وڵ بدرێ سینە ما و شانۆ گە شە بستێنێ و یارمە تیی بە رهە م هێنە رانی سینە مایی و تە لە فزیۆنی بدرێ تا سە ربە ستانە و بە بێ کە م و کوڕی ئە رکە کانیان کە بۆ خزمە تی فە رهە نگی نە تە وە ییە ، بە رە وپێش بە رن .

ب ـ خوێندنی سە رە تایی ئیجباریە و حکومە تی کوردستان دە بێ هاوکاریی خوێندکاران بکا تا کۆتایی هاتنی خوێندنی دواناوە ندی (دە بیرستان)، و قە رز بدا بە خوێندکارانی زانستگاکان و پە یمانگاکان و هە روە ها ئە و گە ورە سالانە ی ئارە زووی خوێندنیان هە یە هاوکاری بکرێن .

ج ـ پێویستە دانشگا و ناوە ندە کانی زانستی و خوێندن لە کوردستان گرینگییان پێ بدرێ و ئوستادانی دانشگا و مامۆستایانی مە درە سە کان، مووچە ی شیاو و مانگانە ی تە واویان بدرێتێ. هە روە ها حکومە ت هاوکاری خوێندکارانی کورد لە دە رە وە ی کوردستان بکا بۆ فێربوونی زمانی کوردی. دانشگاکان و مە درە سە کان، زانست و عیلمی سە ردە میانە یان تێدا بخوێندرێ و هە موو مە درە سە و دانشگاکان، تێکڕای کە ل و پە ل و پێداویستیە کانیان بۆ خوێندن، وە ک کتێبخانە و کامپیوتێر و ژووری تاقیکردنە وە و ژووری میکانیکی و پیشە سازی تێدا دامە زرێندرێ و رێگە نە درێ لە مە درە سە و دانشگا بێ رێزی بە مامۆستا و خوێندکار و قوتابی بکرێ. هە ر وە ها حکومە تی کوردستان یارمە تی دانشجۆکان بدات بۆ خوێندن لە دە رە وە ی وە ڵات .

د ـ پێویستە حکوومە تی کوردستان هاوکاریی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام و باقی دینە کانی دیکە بکا و یارمە تیی و چاودێری مە درە سە و ناوە ندە دینیە کان بکا. موچە و کۆمە گی شیاو بۆ مامۆستایانی ئایینیی کوردستان تە رخان بکرێ. هە روە ها دە بێ رێز بۆ ناوە ندە کان و شوێنە پیرۆزە کانی ئایین و مە زهە بە جۆراوجۆرە کان داندرێ و حکوومە ت چاودێری و هاوکارییان بکا.

# کاروباری تە ندروستی و کۆمەڵایەتی

الف ـ حکوومە تی کوردستان لە دامە زراندنی نە خۆشخانە و دە رمانگا، لە شارو دێهاتە کانی کوردستان بە رپرسە و دە بێ تاکە کانی کوردستان بیمە ی دە رمانی بکرێن و تیمارکردن و پێراگە یشتن بە نە خۆش بە نرخێکی زۆر کە م بێ و بۆ منداڵان و خانە وادە ی شە هیدانی کوردستان و کە م ئە ندامان بە خۆڕایی بێ .

ب ـ سازمانی خە بات ی کوردستانی ئێران باوە ڕی وایە کە لە کۆن تا ئێستا بە هۆی باری نالە باری ژیان و هە روە ها شێوە ی خراپی بار هاتنی کۆمە ڵایە تی و داب و نە ریتە نالە بارە کان، زوڵم و زۆری لە رادە بە دە ر لە منداڵان و لاوان کراوە . هە ر بۆیە

ده بێ بۆ پاراستن و ده سته به رکرانی ماف و ئازادیه کان و خۆشگوزه رانی منداڵان و لاوان هه وڵی کاریگه ر و جیددی بدرێ و رێگه نه درێ هیچ که س و هیچ ده سته یێک منداڵان و لاوان بچه وسێننه وه و به قازانجی خۆیان و به زیانی منداڵان که ڵکیان لێ وه رگرن، و پێویسته منداڵان له باری خوێندن و بارهێنانی سه رده میانه ، هه لی له باریان بۆ دابین بکرێ و بتوانن وه ک نه وه ی داهاتووی کۆمه ڵ خزمه تی گه وره به گه ل و نیشتمان بکه ن .

ج ـ سازمانی خه بات باوه ڕی وایه حکومه تی کوردستان بۆ ریشه کێش کردنی نه خۆشی ئیعتیاد و ئیدز و سه رجه م دیارده نه شیاوه کان له کۆمه ڵگای کوردستان زۆر به جیددی هه وڵ بدات .

د ـ بۆ بوژاندنه وه ی بژیوی هه ژارانی کوردستان ساڵانه بودجه یێک له لایه ن حکومه تی کوردستانه وه دیاری بکرێ و به چاودێری به شی دارایی پارلمان به سه ریاندا دابه ش بکرێ. هه روه ها هه وڵ بدرێ هه لی کار بۆ بێکاران و هه ژاران بره خسێندرێ .

ه ـ جاده و رێگه وبان له کوردستان خراپه ، حکوومه تی کوردستان ده بێ بۆ درووست کردنی جاده و رێگه وبان به شێوه ی سه رده میانه هه نگاوی پێویست و به په له هه ڵگرێ و بودجه و پووڵ بۆ ئه و مه به سته ته رخان بکرێ .

و۔ ناوه نده کانی وه رزش له زۆربه ی شاره کانی کوردستان که من، حکومه تی کوردستان ده بێ له داهاتوودا له هه وڵی په ره پێدانیان بێ و هاوکاری وه رزشکاران بکا .

# سیاسەتی دەرەوە

الف ـ حکوومه تی ناوه ندی له ئێران ده بێ له رێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کان سیاسه تی درووست و ئوسوولی و بێ لایه نانه ی هه بێ. هه وڵ بۆ ئاشتیی جیهانی بدا و سه ربه ستیی سیاسی و ئابووری و فه رهه نگی و نیزامی ببێ. په یره وی سیاسه تی رێزگرتنی به رانبه ر بێ و قازانجه نه ته وه ییه کان له به رچاو بگرێ .

ب ـ حکومه تی ناوه ندی ده بێ ده ست له کاروباری وه ڵاتان وه رنه دات و خۆی له کێشه ناوچه یی و جیهانیه کان دوور راگرێ و په نای مرۆڤه سیاسی و لێقه وماوه کان بدات. پشتگیری خه باتی سیاسی و ئازادیخوازی کورد و نه ته وه کانی دیکه بکا. ئه گه ر حکومه تی ناوه ندی پێبه ند نه بوو، نوێنه رانی خه ڵک کێشه که به گه لاڵه یێک بداته پارڵه مان .

ج ـ حکوومه تی کوردستان مافی ده بێ یارمه تیی خوشک و براکانی کورد له پارچه کانی دیکه ی کوردستان بدا و په نای سیاسییان له ئێران و کوردستان بۆ ده سته به ر کا و به پێی توانا و به بێ ده ست تێوه ردان بۆ رزگارییان له ده ست سته م و چه وساندنه وه هاوکارییان بکا. د ـ دیپلۆماته کورده کان له سه فاره ت و ناوه نده کانی دیپلۆماسیی ئێران له وه ڵاتانی جیهان و نه ته وه یه کگرتووه کان وه ک نوێنه ر به شدار بن و ده بێ له هه ل و مه رجی سیاسیه تی ده ره وییشدا حکوومه تی کوردستان ئاگاداریی هه بێ.

# پەیڕەوی ناوخۆ

## به ندی یه کەم: ناو پێناسه ی سازمان

الف ـ ناو: سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران .
ب ـ دانیشتوانی کوردستان به و مه رجانه ی له به ندی دووهه مدا باسیان ده کرێ، ده توانن له سازمانی خه باتدا ببن به ئه ندام .
ج ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران هێزێکی نه ته وه یی و نیشتمانیه و له سه ر باوه ڕ به ئازادی، تێکۆشانی نه ته وه یی خۆی درێژه پی ده دا، بۆ گه یشتن به مافی هاونیشتمانانی کوردستان .
د ـ سازمانی خه بات ی کوردستانی ئێران، بۆ رزگاری کورد و ده سته به رکرانی ئازادی و رووخانی رژیمی ویلایه تی فه قیه و دامه زرانی حکومه تێکی هه ڵبژێردراو و دیموکراتیک له ئێران و ده سته به رکرانی مافه ره واکانی هاونیشتمانانی کوردستان تی ده کۆشێ .

## به ندی دووهه م: مه رجی ئه ندام بوون

الف ـ تێکرای هاونیشتمانیانی کوردستان و هه موو کوردێکی دانیشتووی ئێران که ته مه نیان له ١٨ ساڵ که متر نه بێ، ده توانن ببنه ئه ندام، به و مه رجانه ی خواره وه .
ب ـ باوه ڕی به به رنامه و په یره وی ناوخۆیی سازمان هه بێ .
ج ـ تێکۆشان و چالاکی له یه کێک له شانه کانی سازمانی خه باتدا هه بێ. یان پێوه ندی به یه کێک له بنکه کانی سازمانه وه هه بێ. د ـ مانگانه ی ئه ندامه تی بدا .
ه ـ ده ست و دڵ پاک و شۆڕشگێڕ بێ و پێوه ندیی به دژمنانی گه لی کورده وه نه بێ و دژایه تیی ئایین و باوه ره پیرۆزه کان نه کا و له پێناو قازانجه کانی کۆمه ڵانی خه ڵکی کوردستان تێ بکۆشێ. و ـ خائین به گه ل و جاسووس و به دناو و کۆنه په رست و ره گه زپه رست ناتوانن ببنه ئه ندام له سازمانی خه باتدا .
ز ـ ئه وانه ی شیاوی ئه ندامه تین کاتێک ده توانن به ئه ندام وه ربگیرێن که له لایه ن شانه یان ئه ندامێکی له مێژینه ی سازمانه وه بناسێندرێن .

## به ندی سێهەم: ئەرکەکانی ئەندام

الف ـ به پێی په یره وی سازمان کاربکا و تێبکۆشێ .
ب ـ نهێنی پارێز بێ له هه ر هه ل و مه رجێکدا .
ج ـ سیاسه تی سازمان په ره پی بدا و بیباته ناو کۆمه ڵانی خه ڵکی کوردستان و ئێران و جیهان .
د ـ هه وڵ بدا پله ی زانیاری به ره وسه ر به رێ و بۆ بردنه سه ری زانیاریی هاونیشتمانانی تێبکۆشێ. ه ـ راپۆرتی مانگانه ی خۆی بداته وه به ئۆرگانی سه ره وه تر .
و ـ هه ر نه وعه ناوچه گه رایی و فراکسیون و ده سته به ندی له ریزه کانی سازمان به خه یانه ت به گه لی کورد و سازمانی خه بات بزانێ .
ز ـ هه وڵ بدا دۆست و که سانی چالاک بهێنێته ریزه کانی سازمانی خه باته وه و به سیاسه ت و به رنامه کانی سازمان ئاشنایان بکا .
به ندی چواره م :

## به ندی چوارەم: مافەکانی ئەندام

الف ـ هه ر ئه ندامێک مافی پرسیار و نه زه ردان و ره خنه گرتنی له به رانبه ر هه موو به رپرس و ئۆرگانێکدا هه یه ، له رووبه ڕوو حزووری .

ب ـ هه موو ئه ندامێک ده توانێ خۆی بپاڵێویَ له هه ڵبژاردنه کاندا و له ده نگدانیشدا به شدار بێ. به لام هه ر ئه ندامێک ماوه ی دوو ساڵ خزمه تی له ریزه کانی سازماندا هه بێ، ده توانێ خۆی بۆ ئه ندامێتی کۆمیته ی ناوه ندی بپاڵێویَ .

ج ـ ده بێ بۆ لێپرسینه وه له سه رپێچیی هه ر ئه ندامێک دوای کۆبوونه وه ی به رپرسان بانگ بکرێ و قسه ی له گه ڵ بکرێ و سزاکه ی پێ راگه یێندرێ و گوێ له داواکانیشی بگیرێ .

## به ندی پێنجەم: سزادانی ئەندام له بێ نەزمیدا

الف ـ سه رکۆنه کردن و لێپرسینه وه له هه ڵه کان .

ب ـ وه رگرتنه وه ی به رپرسایه تی .

ج ـ هه ڵ په ساردن و دوورخستنه وه بۆماوه ی ٣ مانگ .

د ـ ئه گه ر ئه و خالآنه ی سه ره وه کاریگه ر نه بوو، ده رکردن له سازمان .

## به ندی شەشەم: قەوارەی سازمان

الف ـ ئۆرگانه کان به پێی هه ڵبژاردن ده بێ له خواره وه بۆ سه ره وه که مایه تی په یره وی زۆرینه ده کات .

ب ـ بۆ هه موو ئه ندامێک نه زم و نیزام وه ک یه که و هه موویان ده بێ دسیپلین و رێ و شوێنه کانی ته شکیلاتی بپارێزن. ج ـ بڕیاره کانی سازمان به ده نگی زۆرینه بێ و هیچ ئه ندامێک به ته نیا له سه ر مه سه له چاره نووس ساز و گرینگه کان بڕیار نه دات .

## به ندی حەوتەم: سەرکردایەتی سازمانی خەبات

رێبه رایه تیی هه ڵبژێردراوی سازمان ١١ که سه که له ٧ ئه ندامی کۆمیته ی ناوه ندی و دوو جێگر و دوو راوێژکار پێک دێ و به رزترین ئۆرگانی به رێوه به ری سازمانه که به شێوه ی کاتی کار و ئه رکه کانی سازمان به رێوه ده با و کاروباری سیاسی، نیزامی، ئیداری، ماڵی، ته بلیغات و چاپه مه نی و باقی ئۆرگانه کانی دیکه ی له ئه ستۆیه . لانیکه م مانگێ جارێک کۆبوونه وه پێک دێنێ و هه روه ها شه ش مانگ و لانی زۆری ساڵێک پلۆنیۆم ده گرێ و سازمان هه ر ٣ سال جارێک کۆنگره ده به ستێ، ئه گه ر هه ل و مه رج موناسیب بوو. ئه گه ر کونگره نه گیرا سه رکردایه تیی سازمان به پێی پێویست و به بیروڕا گۆڕینه وه له گه ڵ کادره پێشکه وتووه کان، بڕیاری له سه ر ده دا. سنوورێک بۆ ده سه ڵاتی کۆنگره نیه و کۆنگره ده توانێ رێبازی سازمان و هه ر نه وعه ئاڵ و گۆڕێکی فیکری و تکنیکی له سازماندا درووست بکا. به رپرسی رێکخراو و ناوه نده مه ده نیه کانی سازمانی خه بات سیستماتیک پله راوێژکاری کۆمیته ی ناوه ندیان ده درێتێ. کۆمیته ی سه رکردایه تی،به رێوه به ری گشتی هه ڵده بژێرێ .

## به ندی هەشتەم: ڕێکخراو و کومیتەکان

ره گی ریکخراو شانه یه که له ٣ که س که متر نه بێ و له پێنج که س زیاتر نیه . له کۆی ٣ شانه رێکخراو و کۆمیته پێک دێ و له کۆی چه ند کۆمیته ی ناوچه یی، کۆمیته ی شارستان پێک دێت. کۆمیته کان بریارو راسپێردراوه کانی سه رکردایه تی سازمان ده به نه ناو کۆمه ڵانی خه ڵکی کوردستان و جێ به جێی ده که ن. کۆمیته ی سه رکردایه تیی سازمان یارمه تی و ئه ندامه تی مانگانه ی ئه ندام و لایه نگران له گه ڵ داهاته کانی دیکه ی سازمان به شێوه ی ئوسوولی، خه رجی سازمان و ئۆرگانه کانی ده کا و سه رپه رستی ئه و خه رجییانه و داهاته کان ده کا .